# لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئەیازی جوانەمەرگ

خەلیل بلەیی

بەر لە ٢١ ساڵ و لە زستانێکی سارد و سڕدا، هەواڵی جەرگبڕی ئاوابوونی ئەستێرەیەکی گەش و گوڵێکی تازە پشکوتووی نێو ئاسمانی هونەری کوردی ئەیاز یوسف بروسکە ئاسا وەک مۆژدەیەکی نەویستراوە و تاڵ لەسەرانسەری کوردستاندا بڵاوبۆوە.

ماتەم و ڕەشپۆشی زاخۆی دەلال و سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە، چونکە ئەوێ ڕۆژێ کوردستان لە ژێر چەپۆکی داگیرکەردا بەسەختترین قۆناغدا تێدەپەڕی و هونەرمەندانی وەک ئەیاز و ئەردەوان مایەی دڵنەوایی و ئومێدبەخش بوون بۆ لاوەکان و زیندووکردنەوەی هونەری کوردی، هونەرمەند (ئەیاز یوسف ئەحمەد) لە ساڵی ١٩٦٠ لە شارەکەی پردی دەلال چاوی بەژیان هەڵهێناوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی کشتوکاڵی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ خوێندنی لە کۆلیژی ئەفسەری تەواو کردووە و بووە بە ئەفسەری پلە دوو، هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە نارەزوو و خولیای هونەری ڕەسەنی کوردی بووە و لە بۆنە و کۆڕو کۆبوونەوەکاندا گوێی بۆ گۆرانییەکان شل دەکرد.

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەشێوەیەکی ڕەسمی هاتە نێو بواری گۆرانی گوتن و هەر زوو وەک هونەرمەندێکی بە توانا ناسرا لەلایەن جەماوەرە و جێگای خۆی لە نێو دڵی جەماوەری هونەری کوردیدا کردەوە بەڵگەش بۆ ئەمە لە بەرواری ١٩٨٣/٢/١ یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی (من دیت جارا عەولی) بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن تۆمارکرد کە لە ئاواز و هۆنراوەی بەشار محەمەد زاخولی بوو سەرکەوتنێکی بێ وێنەی تۆمار کرد و لەو کاتەوە شارەزایان و پسپۆرانی هونەری کوردی پێشبینی پاشەڕۆژێکی گەشیان بۆی کرد.

ئەیاز زاخولی نزیکەی ٣٥ گۆرانی بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن تۆمار کرد و هەمیشە بەدوای هۆنراوە بەهێز و سەنگیندا دەگەڕا بۆیەش دەبینین زۆربەی هۆنراوەکانی هی شاعیران (جگەر خوێن، بەدرخان سندی، عەبدولعەزیز زاخولی، سەگڤان عەبدولحەکیم)ن، لە گۆرانییەکانی ئەیازدا هەست بە ڕەسەنایەتی و خۆشەویستی وڵات دەکرێت، هەروەها چەندین بەرهەمی ڕەسەنی فۆلکلۆری کوردی زیندوو کردۆتەوە و شارەزایی لە زۆربەی بوارەکانی هونەری کوردیدا هەبووە و بە دەنگە ناسکەکەی گوزارشتی لە خۆشەویستی شەهید، دایک، ژیان، نەورۆز کردووە، جگە لەمە ئەیاز خاوەن کەسایەتییەکی دڵسۆز و ڕەوشتێکی بەرز بوو، ئەیاز سەرسامی دەنگی نەمران محەمەد عارف جزیری و تەحسین تەها و ئەردەوان زاخولی و ئاوازدانەر، سەمیر زاخولی بوو، لە بەرواری ١٩٨٦/١/٢١ ئەیازی جوانەمەرگ ماڵئاوایی لە کوردستان و هەواداری دەنگە بە سۆزەکەی کرد و قەدەر ڕێگای بتوانێت لە ڕێگای هونەرەوە خزمەت بە گەلەکەی بکات و بەر لە مردنیشی دوا گۆرانی خۆی تۆمارکرد کە بەناوی (گەلەک دویری) بوو بەمەش زیانێکی گەورە بە هونەی کوردی کەوت، ئەردەوان و ئەیاز زاخولی دوو ئەستێرەی پرشنگدار و ناوی گەشی نێو گۆڕەپانی هونەری کوردی بوون، هەروەک ئەو کاتانە بەیەکەوە بوون جوتەیەکی هونەری بێ هاوتابوون و خەڵکی زاخۆش شانازیی پێوە دەکردن، هەربۆیەش ساڵی پار حکومەتی هەرێمی کوردستان فیستیڤاڵێکی ڕێزلێنانی، بۆ ئەم دووکەلە هونەرمەندە لە شاری زاخۆی دەلال بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ڕێکخست و ویڕای نمایش کردن و نیشان دانی چەندین لایەنی شاراوەی ژیانیان ڕیز لە خانەوادەی ئەم دوو هونەرمەندە گیرا کە تا ئەمڕۆش هەڵوێستێکی بێ وێنەیە لە مێژووی شاری زاخۆ، هەروەها بەرلەماوەیەک بەرهەمێکی نوێی هونەرمەند ئەیاز زاخولی بڵاوکرایەوە کە دەنگەکەی تۆمارکرابوو، بەڵام بێ مۆسیقا چەند دڵسۆزێکی هونەری ئەیاز لەوانە شاعیری ناودار عەبدولعەزیز سلێمان هەستان بە دانانی دەنگ بۆ ئەم گۆرانیانە و بڵاوکردنەوەیان، ئەمەش دڵخۆشی و وەفادارییە بۆ گیانی ئەیاز. هەزاران سڵاو لە گیانی و یادی بەخێر.

